# شەڕی سوریا بۆ؟

## جەمال عەزیز

ئەو شەڕە خوێناویەی ئەمڕۆ لەناو وڵاتی سوریا بەرپا بووە زۆر نزیکە کەئاگری ئەو شەڕە وڵاتانی دراوسێ وهەرێمەکەش بگرێتەوە، لەڕواڵەتدا شەڕی گۆڕینی ڕژێمی بەعسی سوریایە کە بەسەرکردایەتی بەشار ئەسەد بەڕێوە دەبرێ، بەڵام لەناوەڕۆکدا شەڕی هەردوو جەمسەرەکەی ساڵانی پێشوە، شەڕی ساردی نێوان هاوپەیمانی ناتۆ و بلۆکی ڕۆژهەڵاتە بەشێوەیەکی پەردەپۆشکراو. وڵاتی ڕووس وەک شێرێکی پیری پەککەوتە تەنها نەڕەی ماوە، بەڵام جێگرەوەکەی کە وڵاتی زلهێزی(چین)ە دەیەوێت ڕۆڵی کوێخا ببینێ و بەشی چەوری لەناوچەکەدا دەست بکەوێت و ئەوەی کەلەدەستیدایە لەدەستی نەچێ.

هەرکام لەوڵاتانی ئێران وتورکیا، هەردووکیان دوو وڵاتی گەورەو خاوەن پێگەی تایبەتی خۆیانن، هەرلایەک دەیەوێت هەژموونی خۆی بسەپێنێ لەم جەنگەی لە ناو سوریا بەرپا بووە، ئەم دوو وڵاتەی باسمان کرد شەڕی کۆنەقینی سەردەمانێکە لەنێوانیاندا زیاتر لە٧٠ ساڵ بەردەوام بووە! هەردوو وڵات شەڕ بەڕێوەدەبەن لەژێر پەردەی ئیسلام و هەریەکەیان لەژێر پەردەی مەزهەبێک درێژە بەشەڕ دەدەن کەبۆخۆی مێژوویەکی ڕیشەیی دورو درێژی هەیە لەکێشەو ململانێی نێوان مەزهەبی شیعە بەسەرکردایەتی سەفەویەکان لەئێران و مەزهەبی سوننە بەسەرکردایەتی عوسمانیەکان کەزیاتر لە٤٥٠ ساڵ خۆیان بەخەلیفەی پێنجەمی ئیسلام دەزانی لەجیهانی ئیسلامدا ،وڵاتی عێراقیش لەم نێوانەدا دابەش دەبێت بەسەر هەردوو بەرەی شیعەو سوننە،بەڵام پێدەچێت عێراق زیاتر لایەنگری شیعەکان بن باڵادەستی خۆیان دەسەپێنن چونکە ئێستا لەعێراقدا شیعە باڵادەستن و وڵات لەدەست زۆرینەی شیعەدایە.

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دەیانەوێ بەشێوەیەک بگەڕێنەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ساڵانی ڕابردوو نەبێت، نایانەوێ لەلایەن میللەتانی ناوچەکەوە وەک داگیرکار سەیریان بکرێت، ئەمڕۆ بەرگی دیموکراتی ومافی مرۆڤیان لەبەرکردوە، بەڵام ئەوسیاسەتەی ئەوان پەیڕەوی دەکەن سیاسەتی برسی کردنی خەڵکی ناوچەکەیە بۆئەوەی چاولەدەستی کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان بکەن و هەروەها دزینی هەموو داهاتی ئەو وڵاتەیە لەڕێگەی کۆمپانیا گەورەکانیان کەلەدوای جەنگ دەچنە ئەو وڵاتە بەنیازی ئاوەدان کردنەوە، ئەمە لەکاتیکدایە هێشتا شەڕ کۆتایی نەهاتوە وکاولکاری هێشتا بەردەوامە بەڵام کۆمپانیاکان

خەملاندویانە کەبۆ ئاوەدان کردنەوەی سوریا زیاتر لە ٨٠٠ ملیار دۆلار پێویستە، بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەو باجەش خەڵکی سڤیلی وڵاتی سوریا بیدات.

کاربەدەستانی ئێران دەیانەوێ درێژە بەژیانی ڕژێمە پەککەوتوە دابڕاوەکەیان بدەن لەجیهان ،یارمەتی هەموو گروپێکی چەکدار دەدەن گەر بۆ ساتێکیش خۆی بۆ ئەمەریکاو وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا بەدوژمن بزانێ، وڵاتی تورکیا وەک پاشماوە خۆر دەیەوێت بەشی هەبێت لەوسفرە چەورەی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست داخراوە، بەشداری نەکردنی وڵاتی تورکیا لەگەڵ ئەمەریکا بۆ ڕوخاندنی وڵاتی عێراق ورژێمی بەعسی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣، ئەوکاتەی پەڕلەمانی تورکیا بڕیاریدا کەزەوی وئاسمانی تورکیا نابێت لەلایەن ئەمەریکاوە بەکاربهێنرێت دژی عێراق، ئەوکاتەبوو کەئەمەریکا دەردێکی دابەوڵاتی تورکیا لەڕووی سەربازی وسیاسی و ئابوریەوە، تاسەرئێسقان دەردێکی کوشندەبوو، ئەوهەڵوێستەی تورکیا لەوکاتەدا وڵاتی تورکیایی بۆچەندین ساڵ بردە دواوە،١-باش بەئاگایی هێنایەوە کەخەونی بوون بەئەندام لەناو یەکێتی ئەوروپا خەونی بەتاڵە تەنها وڵات داکۆکی لەتورکیا دەکرد بۆ ئەوەی ببێت بەئەندام ئەویشی لەدەست چوو ٢- تەنها وڵاتی دۆست و هاوپەیمان لەجیهاندا ئەمەریکا بوو بەڵام ئەمەریکا پێیان ووتن چاو بەهاوپەیمانیەکەماندا دەخشێنینەوە،٣-چەند جارێک چاوپێکەوتنی ئەمەریکایەکان لەگەڵ پ ک ک، ناردنی هەندێک چەک بەشێوەیەکی نافەرمی زەنگێکی تر بوو بۆ تورکەکان ئاگاداریان کردن چەندێک بەهێز بن ناتوانن بەرگەی سیاسەتی ئێمە بگرن چونکە ئێمە بەخێوتان دەکەین دەشزانین چۆنتان برسی بکین،٤-باسی جینۆسایدی ئەرمەنیەکان لەسالانی ١٩١٥ زەنگێکی تربوو ئەمەریکا دای بەگوێی تورکەکاندا. تورکەکان بۆئەوەی هەڵوێستی باشی خۆیان بۆ ئەمەریکاییەکان دەرببڕن خۆیان گەیاندە ئەمەریکاو هەموو ئامادەییەکی تورکیایان بۆ ئەمەریکا دوپات کردەوە بەمەرجێ ئەمەریکا دڵی گەرد نەگرێ، ئەوەتا ئێستا ئەو تورکیایەی کەدژایەتی ڕوخانی عێراقی دەکرد لەلایەن ئەمەریکاوە، بەڵام بۆ هەمان ئەمەریکای ساڵی ٢٠٠٣ خاکی تورکیای کردوە بەگۆڕەپانی سەربازی وئاوارەی لەترسی مردن هەڵهاتووی سوریا پڕچەک دەکات بەناوی ئۆپۆزسێۆنی سوریاوە ڕەوانەی ناو سوریایان دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ سەربازانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد باش یەکتری بکوژن و وڵات زیاتر کاول بکەن،بەناوی دیموکراتی ومافی مرۆڤ دوژمنایەتی وڵاتی ئێران دەکات لەبەرئەوەی ئێران مافی مرۆڤ پێشێل دەکات، ئەمە لەکاتێکدا زیاتر لە ٢٢ ملوێن مرۆڤی کوردلە تورکیا هیچ مافێکیان نیە، ئەم پێشێل کردنەی وڵاتی تورکیا پەڵەیەکی ڕەشە بەناوچاوانی ئەو وڵاتە زلهێزانە بەدەم داوای مافی مرۆڤ دەکەن.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەبیسترێ و دەبینرێ هیچ مانایەک نابەخشێ بەدەر لەبێڕەوشتی سەرمایەداری وهەموو رژێمە ئەلقە لەگوێکانی سەرمایەداری، ئەوکاتەی ژیانی مرۆڤ نرخی نامێنێ و خوێنی هەژاران دەبێت بەکالآیەکی زۆر هەرزان و سەرمایەداران زۆر بەهەرزان لێان دەکڕن هیچ نامێنێتەوەوە شایەنی وتن بێت تەنها دەتوانین بڵێن شارستانیەتی سەرمایەداری هیچ سودێکی بۆ مرۆڤایەتی پێنەبوو ،ئەوەی سەرمایەداران کردیان بەمنەت بەسەر مرۆڤایەتیەوە تەنها بەرۆبۆت کردنیان بوو.

ڕژێمی بەعسی سوری دژ بەخەڵکی وڵاتی سوریا ساڵەهای ساڵە لەکوشتن ولەناوبردن سڵی نەکردۆتەوە، ئەو پێشێلکاریانەی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەیکات بەرامبەر بەمرۆڤ بەهەمان شێوەی سیاسەتی وڵاتانی تره لەناوچەکە کەدەرهەق بە خەڵکی سڤیلی وڵاتەکەی خۆیان پەیڕەوی دەکەن، کامەیە مافی مرۆڤ بەتایبەتی چەوساندنەوەی ئافرەتان لەناو هەرکام لەوڵاتانی عەرەبی خلیجی لەپێش هەموویانەوە مەملەکەتی عەرەبی سعودییە، ئایە بۆچی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەئاست ئەو هەموو بێ ڕێزیەی لەو وڵاتانە دەکرێت کوێرن و هەم کەڕیشن؟.

بازرگانانی جەنگ بەسەرکردایەتی ئەمەریکا زۆر باش ئەو ڕاستیە تاڵە دەزانن، ئەو وانەیەی لەئەفغانستان و عێراق وەریان گرت نایانەوێ بەهەمان شێوە بگەڕێنەوە بۆ ناو وڵاتێکی دیکە، خوێنی ڕژاوی هەزاران سەربازی ئەمەریکاو هەوپەیمانەکانی شاهێدی ئەو ڕاستیەن کە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی چەندە داگیرکارێکی دڕندەو چەندە میوانێکی نەخوازراون، بەڵێ ئەمڕۆ دەیانەوێ بازاڕی چەک فرۆشتنیان لەڕێگەی بەکرێ گیراوەکانیان گەرم بکەن کەبەرگی ئۆپۆزسیۆنیان لەبەردایە، هەروەها شەڕی دینەکان ومەزهەبەکان خوێناوی تر دەکەن بۆ ئەوەی لەسایەی خوینی ڕژاودا گیرفانیان پڕبێت.